
# قوربانیانی مەدەنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە باکوری عێراق 2022



ڕاپۆرتی کەمپەینی

کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن

تەموز 2023

# پێڕست

**1. پوختەی گشتی** *3*

**2. پێشەکی** *5*

**3. هێرشە سەربازییەکانیساڵی 2022ـی سوپای تورکیا کە هاوڵاتییانی مەدەنی بەرکەوتوون** *6*

3.1 ژمارەی هێرشە سەربازییەکان کەمتر بوون، بەڵام ژمارەی قوربانییانی مەدەنی هەڵکشا *6*

3.2 پەلامارەکانی بنکە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا *7*

3.3 هێرشە سەربازییە ئاسمانییەکانی تورکیا *7*

**4. ژمارەی قوربانییانی تۆمارکراوی هێرشە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە ساڵی 2022** *8*

4.1 ئەو هێرشە سەربازییانەی جوتیار، خەڵکانی کۆکەرەوەی گژوگیایی خۆڕسک/بەهاری و شوانەکانی تێدا کوژران و بریندار کران *8*

4.2 هێرشە سەربازییەکانی سەر فێستیڤاڵی گوند و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان کە قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە *10*

4.3 ئەو هێرشە سەربازییانەی کە ئۆتۆمبێلی خەڵکی مەدەنی تێدا بۆردوومان کراون *12*

4.4 کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتییان لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانەوە *12*

4.5 کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتییانی مەدەنی لە کامپی پەنابەرانی مەخموور لە پارێزگەی هەولێر *13*

**5. کاریگەریی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی** *14*

**6. ئاوڕدانەوە لە ساڵی ڕابردوو: چالاکییەکانی کامپەینی «کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان»** *16*

**7. پێشنیازەکان** *17*

**8. مێتۆدۆلۆژی** *18*

پاشکۆی 1: ناسنامەی هاوڵاتییانی مەدەنی کوژراو و دیمۆگرافیایی قوربانییەکان ئەگەر زانراو بێت (2022) 20

پاشکۆیی 2: قوربانییە مەدەنییەکانی ڕووداوەکانی ساڵی 2022ـی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر سنوور 21

---

**ناونیشانی وێنەی بەرگەکە:** عەبدولواحید لە گوندی هروریێ پارچە بەجێماوەکانی تۆپباران پیشاندەدات کە زیانی بە خانووەکەی گەیاندووە.

«کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن»، هەڵمەتێکە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە ڕاگەیاندراوە و هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی ژمارەیەك لە ڕێکخراوی ناحکومی ناوخۆیی و دەرەکیە، کە ئامانجیان داکۆکیکردن و بڵاوکردنەوە زانیاری و ئاگاییە لەسەر بۆردوومانەکان لە باکوری عێراق. ئەندامانی ئەو هاوپەیمانیەتیە بریتین لە: دەستپێشخەری هەماهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی ICSSI, تیمەکانی بنیادنەری ئاشتی کۆمەڵگە CPT، ڕێکخراوی CODEPINKی ئەمریکی، ڕێکخراوی Iraq Body Count IBC، دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ چالاکی ناتوندوتیژی NOVACT، ڕێکخراوی UPPی ئیتالی، ڕێکخراوی هاوسۆزی لەگەڵ کوردستان Solkurdی نەرویجی. بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن دەستپێشخەری هەماهەنگی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی ICSSI و بە هەماهەنگی ئەندامانی تری هاوپەیمانیەتیەکە ئەنجامدراوە.

**بڵاوکراوەتەوە:** تەموز 2023

**پێوەبکە: پەیوەندیامن:** endcrossborderbombing@gmail.com
**وێبگە:** bit.ly/icssi-ecbb

# 1. پوختەی گشتی

لە ساڵی 2022ـدا، سەرەڕای گوتاری دەوڵەتی تورکیا کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی باکووری عێراقی سوپای تورکیا هێرشی سەربازیی بوون بۆ سەر هێزە چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، بەڵام بە پێی تۆمارەکان ئەم ئۆپەراسیۆنە سەربازییانە ژمارەیەکی زۆر قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە کە هاوشێوەی نەبووە لە ساڵی 2015ـەوە.

**دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەم ڕاپۆرتە**

» لە دەرئەنجامی یازدە هێرشی سەربازیی سوپای تورکیا لە باکووری عێراق ساڵی 2022ـدا، 18 بۆ 20 هاوڵاتی مەدەنی کوژران کە 6یان منداڵ بوون، هەروەها 57 بۆ 58 هاوڵاتی دیکەی مەدەنیش برینداربوون.

» شەش لەم هێرشە سەربازییانەی لە لایەن سوپای تورکیاوە ئەنجامدران لەڕێی تەقەی سەربازانی زیاد لە 60 بنکەی سەربازییەوە بوون کە لە باکووری عێراقدا بوونیاد نراون. ئەوەش ئەوە دەردەخات کە ئەم هێرشە سەربازییە زیانبەخشانەی دژ بە هاوڵاتییان لەڕێی بنکە سەربازییەکانەوە ئەنجامدراون زۆرترینی ڕێژەی هێرشە سەربازییەکانە لە ساڵی 2015ـەوە تاوەکوو ئێستە.

» بەتەنیا لە یەک هێرشی تەقەکردن لە سەیرانگەیەک لە یەکێک لە گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان، زۆرترین قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە کە هاوشێوەی نەبووە لە ساڵی 2015ـەوە. لەم هێرشە سەربازییەدا 9 هاوڵاتی مەدەنی کوژران کە 6ـیان منداڵ بوون و 23 هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون. قوربانییەکان گەشتیاری ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون.

» لە دەرئەنجامی 5 هێرشە سەربازییەکەی دیکەی بنکە سەربازییەکانی تورکیادا، 6 هاوڵاتی مەدەنی کوژران و 4 هاوڵاتی مەدەنیش بریندار بوون. قوربانییەکان 2 منداڵ و 3 ژنیشیان تێدابوون کە لەم کاتەدا بەشدارییان لە فێستیڤاڵی ساڵانەی گوندەکەیاندا دەکرد، هەروەها جوتیارێکیش کە سەرقاڵی کێڵانی زەوییەکەی بوو.

» چوار لەم هێرشە سەربازییانە لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەنجامدران: یەکێک لەم بۆمبانە لەنێو شوێنێکی نیشتەجێبوونی شارۆچکەی «سنونێ» کەوتە خوارەوە و 10 قوربانی لێکەوتەوە (یەکێک لەم قوربانییانە منداڵ بوو). لە دەرئەنجامی چەند بۆردوومانێکی ناوچەی چیایی دوورەدەست کە خەڵکی سەردانی دەکەن بەمەبەستی کۆکردنەوەی گژوگیای خۆڕسک، 6 قوربانییان لێکەوتەوە (1 کوژرا و 5 بریندار). هەروەها، دوو بۆردوومانی دیکە لەڕێی هێرشی سەربازیی ئاسمانی بووە هۆی مردنی 3 هاوڵاتی مەدەنی لە کاتی شۆفێریکردندا.

» سوپای تورکیا لە یازدەهەمین هێرشی سەربازیی ساڵی 2022ـدا، چەند جارێک بۆردوومانی کامپی پەنابەرانی مەخمووری کرد کە بووە هۆی کوژرانی 2 هاوڵاتی مەدەنی و بریندارابوونی 15ـەی دیکە.

هێرشە سەربازییە تۆمارکراوەکانی ساڵی 2022، ژمارەی سەرجەم هێرشە هێرشە سەربازییەکانی گەیاندۆتە 97 هێرش کە تێیدا لە ساڵی 2015ـەوە تاوەکوو ئێستە سوپای تورکیا لەنێوان 113 بۆ 140 هاوڵاتی مەدەنی و خەڵکانی لاشەڕیان کوشتووە و 187 بۆ 215ـیان بریندار کردوە لە باکووری عێراق. شرۆڤەکارییەکی وردی کاریگەریی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر خەڵکی مەدەنی باکووری عێراق لەنێوان 2015 بۆ 2022 بڵاوکرایەوە لە ساڵی 2022 و دەتوانن لێرەوە بیخوێننەوە.

سەرجەم ئەو داتایانەی لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو لەڕێی چاوپێکەوتن لەگەڵ دەربازبووان، شایەتحاڵان و کاربەدەستانی دامەزراوە حکوومییە خۆجێیەکان و هەروەها شرۆڤەی سەرچاوەی میدیاییەکان و سەرچاوەی دیکەی گشتی بەدەست هاتوون دەرئەنجامی تۆژینەوەیەکی چڕی ئەندامانی کامپەینی <<کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان>>ـە بەمەبەستی تێگەیشتن لە کاریگەریی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیای سەر سنوورەکان لەسەر خەڵکی مەدەنی لە باکووری عێراق.

جگە لە هێرشە سەربازییەکانی تورکیا، لە ساڵی 2022ـدا سوپای پاسدارانی دەوڵەتی ئێرانیش چەند بۆردوومانێکیان ئەنجامدا لە کوردستانی عێراق لەڕێی هێرشی موشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژ. بانگەشەی ئەوە کراوە، ئەو هێرشانە وەکوو تۆڵەکردنەوە بوویێت لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکانی ئێران کە لە لایەن فێمێنیستەکان و کوردەکانەوە ڕێبەرایەتی دەکران. لە دەرئەنجامی ئەو بۆردوومانانەدا بە لایەنی کەمەوە 18 کەس کوژران و 50

کەسی دیکەش بریندار بوون. زۆربەی قوربانییەکان ئەندامی هێزە چەکدارەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانی ئێران بوون، بەڵام ئەو هێرشە سەربازییانە بوونەتە هۆی تێکدانی خانووی خەڵک، هەروەها یەک فێرگە و ژێرخانی دیکەی مەدەنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتییانی مەدەنی نێو کامپەکە کە بۆتە پەناگەی پەنابەرانی خەڵکی کوردستانی ئێران زیانییان بەرکەوتووە. لە سلێمانی، لەدوای ئەم هێرشە سەربازیانەدا 450 خێزان ماڵەکانیان لە کامپی پەنابەران چۆڵ کرد.

چوارچێوەی کارەکانی کامپەینی <<کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان>> زۆر فرەوانترە لە بەدۆکیۆمێنتکردنی کاریگەریی هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران لەسەر خەڵکی مەدەنی. ئەم ڕاپۆرتە باسی دەستپێشخەری جیاواز دەکات کە لە لایەن ئەندامانی کامپەینەکەمان و ئەو خێزانانەی کاریگەریی بۆردوومانەکانیان لەسەر بووە سازکرابوون بەمەبەستی داکۆکیکردن لە خەڵکی مەدەنی. گرینگترین دەستپێشخەری لە مانگی 11ـەی ساڵی 2022 سازدرا، تێیدا وەفدێکی 9 کەسی دەربازبوو لە هێرشە سەربازییەکانی سەر سنوور بە یاوەری ئەندامانی کامپەینەکەمان کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و وەزیری دادی حکوومەتی عێراق. لە دەرئەنجامی ئەو کۆبوونەوەیەدا، حکوومەتی عێراق بەڵێنیدا هەنگاوی جددی بگرێتەبەر تاوەکوو خەڵکی مەدەنی بپارێزرێت. هەروەها بەڵێنی ناساندنی خێزانەکانیان وەکوو قوربانی جەنگیشدا، ئەوەش دەبێتە هۆی دابینکردنی قەرەبووی درێژخایەن بۆ ئەوانەی بەر هێرشەکان کەوتوون.

# 2. پێشەکی

ئەم ڕاپۆرتە زانیاری ورد دەخاتەڕوو لەسەر قوربانییانی مەدەنی ساڵی 2022ـی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان و بۆردوومانی سەر سنوورکە لە لایەن سوپای تورکیاوە ئەنجامدراون لە کوردستانی عێراق و بە گشتی لە باکووری عێراق. هەروەها، لەم ڕاپۆرتەدا زانیاری تازە دەخرێتەڕوو لەسەر کارەکانی بەدۆکیۆمێنتکردنی کاریگەریی هێرشە سەربازییەکان لەسەر خەڵکی مەدەنی لە لایەن کامپەینی <<کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان>> لە ساڵی 2015 تاوەکوو ئێستە. ئەم ڕاپۆرتە دەرئەنجامی چەند بۆردوومانێکی سوپای پاسدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێرانیش لەسەر خەڵکی مەدەنی لە کوردستانی عێراق دەخاتەڕوو.

ئەم ژمارانەی خراونەتەڕوو لەم ڕاپۆرتەدا بەتەنیا نوێنەرایەتیی نوێکردنەوەی تۆماری زانیاریی قوربانییانی ڕابردوو ناکات، بەڵکوو تیشکیش دەخاتەسەر نوێترین گەشەسەندنەکانی ناکۆکی و شەڕی چەند دەیەیی ڕابردوو کە کوردستانی عێراقی کردۆتە مەیدانی جەنگ لەنێوان هێزە پێشبڕکێکارەکانی هەرێمی و نێوەخۆیی. ساڵی 2022 شایەتحاڵی چەندین ناکۆکی توندوتیژی دیار و تراژیک بووە کە بەرتاوی خۆیاکردنی سیاسەتی سەرکوتکردنی نێوەخۆییە لە بەستێنێکی نێوەدەوڵەتیدا.

ئەم ڕاپۆرتە هەروەها تۆماری کار و چالاکی ساڵی یەکەمی کامپەینەکە دەخاتەڕوو لە دوای دەستبەکاربوونیەوە کە تێیدا چەندین دەستکەوتی گرینگ بەدەست هاتوون و دەکرێت بکرێنە دەروازە بۆ ناساندن و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانییان. کاروچالاکی وەها پێشتر بوونیان نەبووە. تیشک خستنەسەر کارەکانی کامپەینەکە بۆ دڵنیابوونەوە لە قەرەبووکردنەوەی قوربانییان و دووبارە نەبوونەوەی هێرشی سەربازی وەهای لە دژی قوربانییانی ئەو شەڕە شاراوەیە ئەوە ناگەیەنێت کە کارەکانی پەیوەندداربە بۆردوومانەکانی سەر سنوور لە کوردستانی عێراق کۆتاییان پێهاتووە. بە پێچەوانەوە، ئێمە باوەڕمان وایە بە باسکردنی ئەو هەنگاوانەی نراون تاوەکوو ئێستە و بیردانەوە لەسەر کاریگەربوون و سنووردرابوونی چالاکییەکانمان ئیلهاممان دەداتێ و ئارمانجمان پێدەبەخشێت لە کارەکانماندا بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و ئاشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و شوێنی دیکەشدا.

دیدەکاری دەرئەنجامی داتا و شرۆڤەکاری


ئەم بەشە ژمارەی هێرشە سەربازییەکان و گۆڕنکارییەکان لە هێرشە سەربازییە تۆمارکراوەکانی ساڵی 2022 دەخاتەڕوو.

# 3. هێرشە سەربازییەکانی ساڵی 2022ـی سوپای تورکیا کە هاوڵاتییانی مەدەنی بەرکەوتوون.

**3.1 ژمارەی هێرشە سەربازییەکان کەمتر بوون، بەڵام ژمارەی قوربانییانی مەدەنی هەڵکشا.**

ژمارەی پەلامارە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر سنوور لە ساڵی 2022 کە زیانێکی زۆری بەر هاوڵاتییانی مەدەنی گەیاند کەمتر بوو بە بەروارد لەگەڵ ساڵانی پێشوودا (17 هێرشی سەربازی ساڵی 2018، 16 هێرشی سەربازی لە ساڵی 2019، 20 هێرشی سەربازی لە ساڵانی 2020 و 2021)؛ بە هەمەحاڵ 11 هێرشە سەربازییەکانی ساڵی 2022 زۆرترین ژمارەی قوربانی لێکەوتەوە کە هاوشێوەی نەبووە لە ساڵی 2015ـەوە.

لە ساڵی 2015ـەوە، زۆرترین ڕێژەی قوربانیانی ساڵانەی مەدەنی بە کوژراو و برینداریشەوە 60 کەس بوو بۆ هەر یەک لە ساڵەکانی 2019 و 2021. بەڵام بەتەنیا لە ساڵی 2022ـدا، 20 هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و 58ـیشیان برینداربوون کە سەرئەنجامەکەیان دەکاتە 78.




ئەم گرافیکە ڕاستکردنەوەی گرافیکی ڕاپۆرتی پێشووە کە سەبارەت بە دوو ڕووداو هەڵەی تێدایە ( سێ شەهید و چوار بریندار)ی تێدایە لە ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨دا.

### 3.2 پەلامارەکانی بنکە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا

سوپای تورکیا لە ساڵەکانی 2021 و 2022ـدا، هەوڵە داگیرکارییەکانی چڕ کردۆتەوە لە ناوچە سنووری و شاخاوییەکانی کوردستانی عێراقی لەڕێی بوونیادنانی دەیان بنکەی سەربازیی نوێوە.

شەش لە یازدە هێرشە سەربازییە تۆمارکراوەکانی ساڵی 2022 کە زۆرترینی ژمارەی هێرشە سەربازییەکان پێک دەهێنێت لە لایەن بنکە سەربازییە تورکییەکان لەڕێی تۆپ یان چەکی قورسەوە بووە. ئەوەش بۆخۆی گۆڕانێکی گەورەیە بەبەراورد بە پێنج ساڵی ڕابردوو. ئەو شەش هێرشە سەربازییە بووە هۆی مردنی 11 هاوڵاتی مەدەنی کە 5ـیان منداڵ بوون و بریندارکردنی 13 هاوڵاتی مەدەنی دیکەش کە 3ـیان منداڵ بوون.

لە ئێستەدا، سوپای تورکیا لەڕێی 60 بنکە و بارەگای دیکەی سەربازی لە باکووری عێراقدا ئامادەیی هەیە و هەندێک لەم بنکە و بارەگا سەربازییانە بە قوڵایی 35 کیلۆمەتر بە ئاڕاستەی باشووری سنووری نێوان خاکی تورکیا – عێراق بوونیاد نراون. داگیرکاریی تورکیا بۆتە هۆی ناچارکردنی هەزاران هاوڵاتی مەدەنی بە بەجێهێشتنی ماڵ و زێدیان. ئەوەش لەمانەیە هۆکار بێت بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی هێرشە سەربازییەکان بەبەراورد بە ساڵانی ڕابردوو، کە زۆربەیان لەنێوان ساڵەکانی 2015 بۆ 2021ـەوە ئەنجامدرابوون لەم شوێنانەی ئێستە لە لایەن سوپای تورکیاوە داگیر و کۆنترۆڵ کراون.

دوو لەم بنکە سەربازییانە لە ساڵی 2011ـەوە بوونیاد نراون لە لایەن سوپای تورکیاوە و سێ جار بوونەتە هۆی ئازاردانی هاوڵاتییانی مەدەنی لە گوندەکانی «پەرەخێ و کێستە».

«پەرەخێ» کە دوو جار لەڕێی تۆپەوە بۆردوومان کرابوو لە ساڵی 2022ـدا شایەتحاڵی زۆرترین ژمارەی قوربانی مەدەنی بووە. بە تەنیا لەیەک هێرشی سەربازییدا 32 قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە. هەروەها، یەکێک بوو لەم گوندە دەستەبژێرانەی کە هاوڵاتییانی نیشتەجێی ئەم گوندە بڕیاریاندا چۆڵی نەکەن و لە زێدەکەیان بمێننەوە.

### 3.3 هێرشە سەربازییە ئاسمانییەکانی تورکیا

لەم چوار هێرشە سەربازییەدا، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا زیانییان بە هاوڵاتییانی مەدەنی گەیاند: دووجار ئۆتۆمبێلی هاوڵاتییانی مەدەنی بۆردوومان کران، جارێکیان گەڕەکێکی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان لە شارۆچکەی «سنونێ» بۆردوومان کرا و جارێکیشیان کۆمەڵێک جوتیار کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی گژوگیایی خۆڕسک/بەهاری بوون لەسەر چیا بە ئارمانج گیران. لە یەکێک لە هێرشە سەربازییە ئاسمانییەکانی فڕۆکەی سەربازییەوە (گومان دەکرێت فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیش بەکار هاتبن) بەچڕی بۆردوومانی کامپی پەنابەرانی «مەخموور»یان کرد. ئەم پێنج هێرشە سەربازییە بوونە هۆی کوشتنی 8 هاوڵاتی مەدەنی و 28ـیشیان بریندار کران.

بە پێی ئاماری ئەو ڕاپۆرتەی پەرلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ۲۰۲۰ لەلایەن میدیای ڕووداو بڵاو کراوەتەوە، زیاتر لە ۵۰۰ گوند لە ساڵەکانی ۱۹۹۰ تاوەکوو ئێستا بە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان تورکیا و پ.ک.ک چۆڵکراون. بە پێی خەمڵاندنی تیمی کوردستانی عێراقی CPT لانیکەم ۱۰۰ گوند بە هۆی هێرشەکانی تورکیا تەنها لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا چۆڵکراون.

*504 villages emptied due to Turkey-PKK war: Kurdistan parliament report*, میدیای ڕووداو، ۱۷ ئازاری ۲۰۲۳

# 4. ژمارەی قوربانییانی تۆمارکراوی هێرشە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لە ساڵی 2022

| چەکەکان | هێرش | کوژراو- کەمترین | کوژراو- زۆرترین | بریندارکراو - کەمترین | بریندارکراو- زۆرترین |
|---|---|---|---|---|---|
| هێرشی ئاسمانی | 5 | 8 | 8 | 28 | 28 |
| تۆپ و کولە | 5 | 10 | 12 | 26 | 27 |
| چەکی قورس | 1 | 0 | 0 | 3 | 3 |

**4.1 ئەو هێرشە سەربازییانەی جوتیار، خەڵکانی کۆکەرەوەی گژوگیایی خۆرسک/بەهاری و شوانەکانی تێدا کوژران و بریندار کران.**

یەک جوتیار لە گوندی «سیتە»ی سەر بە ناحیەی شیلادزێ لە پارێزگای دهۆک کوژرا. لە ڕێکەوتی 15ـەی مانگی 2ـدا حسێن ڕێکانی تەمەن 52 ساڵ کە باوکی 10 منداڵە چوو بۆ سەر کارەکەی لە زەوییە کشتوکاڵییەکەیدا لە ناوچەی «ئاڤا شین». سیتە یەکێکە لەم 92 گوندە چۆڵکراوە لە لایەن هاوڵاتیانی نیشتەجێبووی ناوچەکە بەهۆی نزیکاییەتیان لە شەڕی نێوان پەکەکە و سوپای تورکیا. دوای نەگەڕانەوەی بۆ ماڵ، هێزەکانی ئاسایش و کەسوکارەکانی چوونە شوێنەکە بۆ ئەوەی بەدوایدا بگەڕێن، بەڵام بە مردوویی لە گوندەکە دۆزییانەوە. کەسوکارەکانی ڕایانگەیاند ئەو بەهۆی تۆپبارانەوە کوژرابوو.

دوو جوتیار بریندار بوون لە گوندی «پەرەخێ» لە قەزای زاخۆ لە پارێزگەی دهۆک. لە ڕێکەوتی 15ـەی مانگی 6ـدا، جوتیارێکی 53ـێ ساڵە بەناوی نەزیر عمر و کوڕە 24 ساڵانەکەی بە ناوی محمد نەزیر کە سەرقاڵی ئاودانی باخی هەنجیر و هەنارەکەیان بوون لە گوندی «پەرەخێ» بریندار بوون بەهۆی تۆپبارانی سوپای تورکیا لە یەکێک لە بنکە سەربازییەکانیان. لەکاتی تۆپبارانەکەدا، نەزیر عمر پشتی بریندار دەبێت بەهۆی دوو پارچە تۆپ کە بەر پشتی کەوتبوون و دوای گەیاندنی بە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی زاخۆ بەهۆش خۆی هاتەوە. ئەو دوو پیاوە لە لایەن کەسوکار و کەسوکاریان ڕزگار کرابوون و برابوون بۆ نەخۆشخانە لە زاخۆ.



نەزیر عومەر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی زاخۆ لە دوای ئەوەی کە بە هۆی تۆپبارانی تورکیا لە کاتی کشتوکاڵدا لە گوندەکەی خۆی پەرەخێ بریندار کراوە.

محمدیش  سەردەستی بریندار ببوو لەڕێی ساسمەوە.

شوێنە کشتوکاڵییەکانی گوندی «پەرەخێ» دەکەوێتە گردێکەوە کە 8 کیلۆمەتر دوورە لە سنووری نێوان تورکیا و عێراق لە ناحیەی «دەرکار». 30 خێزان دانیشتوویی هەمیشەیی ئەو گوندەن و خەڵکی دیکەش هەن کە لەکاتی وەرزی کشتوکاڵکردندا دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکە. لە ساڵی 2021ـدا، سوپای تورکیا دوو بنکەی سەربازی بوونیاد ناوە لەم چیایانەی کە بەسەر گوندی «پەرەخێ»وە دەڕوانن. لەبەر تەقەی ئەو بنکانە، گوندنشینانی ئەم ناوچەیە دەستیان کردووە بە چۆڵکردن.

یەک ژنە شوانکارە لە کوێستانەکانی ڕۆبیایی سەر بە ناحیەیی سیدەکان لە پارێزگەی هەولێر بریندار کرا. لە ڕێکەوتی 16ـەی مانگی 10ـە، ژنێکی سی ساڵان لە بەرزاییەکانی ڕۆبیەی ناوچەی سیدەکان بە ئارمانج گیرا و بریندار کرا لە لایەن سوپای تورکیا لەکاتی سەردانی کردنی مەڕوماڵات لەگەڵ خێزانەکەی.

یەکێک لە کۆکەرەوانی گژوگیایی بەهاری/خۆڕسک کوژرا و پێنجی دیکەش بریندار بوون لە چیایی «کێلەشینی ماوەت» لە پارێزگەی سلێمانی. لە ڕێکەوتی 2ـی مانگی 12ـەدا، گرووپێکی چوار کەسی جوتیارەکانی گوندی «قامیش»ی سەر بە پارێزگەی سلێمانی سەردانی چیایی «کێلەشین»یان کرد لە نزیک گوندی «زەرون» بەمەبەستی کۆکردنەوە گژوگیایی بەهاری/خۆڕسک. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا بە ئارمانجی گرتن و پیرەپیاوێکی کوشت بە ناوی عەزیز محمد ڕەسوڵ و دوو لە هاوڕێکانیشی بە سەختی بریندار کرد. برای عەزیزیش بریندار بوو بەهۆی پاشماوەی بۆمبەکە لەکاتی تەقینەوەدا. لەم ساتەدا، دوو پیاوی دیکە نزیک لەمان بە هانایانەوە هاتبوون، بەڵام جارێکی دیکە بۆردوومان دەکرێنەوە و بەهۆی بڵاوبوونەوەی پاشماوەی بۆمبەکە هەردوو پیاوەکەش بریندار دەبن.

دەکرێت بگوترێت هێرشە سەربازییەکانی ساڵی 2022ـی سەر جوتیار، ئاژەڵدارەکان و ئەوانەی گژوگیایی بەهاری/خۆڕسک کۆ دەکەنەوە ڕەوتێکی گشتگیریان لێ بەدی دەکرێت. لە ساڵی 2015 تاوەکوو ئێستە، یەک لەسەر سێی هێرشەکانی سوپای تورکیا (33 هێرشی سەربازی) خەڵکی مەدەنییان بە ئارمانج گرتووە لەکاتی کێڵانی زەوییەکانیان، ئاگا لێبوون لە ئاژەڵەکانیان یان کۆکردنەوەی گژوگیایی بەهاری/خۆڕسک لەسەر چیاکان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانییان. ئەو هێرشانە



باوکی یوسف و ئاڤەند کە وێنەی کوڕەکانیان پیشاندەدن کە بە هێرشی .هاوەن لە بامەڕنی شەهید کران

بوونەتە هۆی 76 قوربانی مەدەنی (40 کوژراو و 36 بریندار). هەروەها، زۆربەی ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە کوژراون یان بریندار کراون لە شوێنە نیشتەجێبووەکان یان لەنێو ئۆتۆمبێل (گەڕۆک)ـی مەدەنی سەرچاوەی داهاتیان یان کشتوکاڵ بووە یان بەخێوکردنی مەڕوماڵات. کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بڕبڕەی پشتی سەرچاوەی بژێوی ژیانی خەڵکن لەم ناوچانەی کە کاریگەرییەکی زۆری بۆردوومانەکانی تورکیایان لەسەرە.

## 4.2 هێرشە سەربازییەکانی سەر فێستیڤاڵی گوند و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان کە قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە.

2 منداڵ کوژران و 1 منداڵیش بریندار کرا لە کاتی فێستیڤاڵی ساڵانەی گوندێک لە نزیک ناحیەیی «بامەڕنێ»ـی قەزای ئامێدی سەر بە پارێزگەی دهۆک. لە ڕێکەوتی 26ـی مانگی 5، لە دەوروبەری «بامەڕنێ» لە پارێزگەی دهۆک، بە هۆی هێرشێکی سەربازیی لەڕێی هاوەنەوە دوو کوڕ بە ناوەکانی یوسف کۆڤان کە تەمەنی 13 ساڵان بوو و ئاڤاند هۆشیار کە تەمەنی 11 ساڵان بوو کوژران و منداڵێکی دیکە بە ناوی سیپان فەرهاد کە تەمەنی 8 ساڵان بوو بریندار کرا. هێرشە سەربازییەکە لە دژی فێستیڤاڵێکی ساڵانەی خەڵکی گوندی «زێوا سەرێ» بوو کە کۆ ببوونەوە بۆ بەرزڕاگرتنی بۆنەییەکی زێدەکەیان. بەشێک لەم خەڵکەی فێستیڤاڵە نزیک هەزار کەسییەکە کە لە شوێنێکی ئاوالای نزیک فڕۆکەخانەی سەربازی «بامەڕنێ» ئەنجامدرا پێشتر بەهۆی شەڕی نێوان پەکەکە و تورکیا ئاوارە ببوون و نیشتەجێی شوێنێکی دیکەن. ئەو فڕۆکەخانەیە لە ناوەڕاستی 1990ـەوە تاوەکوو ئێستە لەژێر دەستی سوپای تورکیاوە بووە و بەکار هێنراوە بۆ مەبەستی کاروباری سەربازی و لەم دوایانەشدا بۆ فڕاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکارهێنراوە. لە دوانیوەڕۆیەکی درەنگدا، سێ کوڕ یاری تۆپی پێیان دەکرد لە لێواری ڤێستیڤاڵەکەدا. بێ ئاگەدارکردنەوە، سێ لەم گولەهاوەنانە چەند مەترێک لە دووری ئەو سێ کوڕە بە خێرایەکی زۆر بەدوای یەکدا تەقینەوە.

بەپێێ بەیاننامەییەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆری حکوومەتی هەرێم <<CTG>> کە لە لایەن زۆربەی میدیایی پارتە سیاسیەکانیشەوە بڵاوکرایەوە، گولەهاونەکان لە لایەن پەکەکەوە تەقێندرابوون. بەڵام لە دەرئەنجامی شرۆڤەی شوێنی پەلامارەکە و کۆکردنەوەی بەڵگەی پەیوەنددار بەو باسە لە لایەن ڕێکخراوی CPT-IKـیەوە سەرجەم نیشانەکان ئاماژە بۆ سەربازەکانی سوپای تورکیا دەکەن وەکوو ئەنجامدەری ئەو پەلامارە. کەسوکاری ئەو قوربانییانەش بە ڕێکخراوی CPT-IK ـیان ڕاگەیاندبوو کە گوێیان لەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە بووە کە بەسەر فێستیڤاڵی ساڵانەی گوندەکەیاندا دەسوڕانەوە بەدرێژایی ڕۆژەکە. شوێنی فێستیڤاڵەکە (تەنها 800 مەتر دوور بووە) لە بارەگایەکی گەورەی سەربازیی تورکیا لە «بامەڕنێ»، ورد پێکانی گولەهاوەنەکان و چاودێریکردنی ناوچەکە لە لایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە ئەوە دەردەخات کە فێستیڤاڵی جەماوەری بەمەبەست بە ئارمانج گیرابوو وەکوو پەیامی ئاگەدارکردنەوە یان تێکدانی فێستیڤاڵەکە. بەدەر لەمەش، چیای «مەتینا» کە وەکوو شوێنێ هاویشتنی هاوەنەکانی پەکەکە دیاریکرابوو لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی پاراستنی سنووری عێراق، هێزە سەربازییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و سوپای تورکیا دایە.

لە ڕۆژی هەینیدا، سێ ژن بریندار کران لە کاتی گەشتکردن لە گوندی «کێستە»ی سەر بە ناحیەیی کانی ماسێ لە پارێزگەی دهۆک. لە کاژێر 05:10ـی ئێوارەی ڕێکەوتی 17ـەی مانگی 6ـدا، هێزەکانی سوپای تورکیا لەڕێی چەکی قورس چەند جارێک گوللەبارانی خەڵکی مەدەنییان کرد لە زەوییەکانی گوندی «کێستە»ی سەر بە ناحیەی «کانی ماسێ» لە قەزای ئامێدی کە 9 کیلۆمەتر دوورە لە باشوری سنووری هاوبەشی عێراق و تورکیا. لە دەرئەنجامدا، 3 ژن بە ناوەکانی کاژین تەها سعیدی تەمەن 28 ساڵان، نەزیرە عەبدولستار ئەحمەد تەمەن 49 ساڵان و بووکی نەزیرە، فەوزیە دیار عومەری 24 ساڵان لەکاتی خۆشی و سەیرانەکردنەکەی ڕۆژی هەینیاندا بریندار کران.

گوللەکان لە بنکەیەکی سەربازی تورکیا لە چیایی «زنار»ی کێستە کە بەسەر گوندی «کێستە»دا دەڕوانێ ئاڕاستەکرابوون. دوای بوونیادنانی بنکەکە لە مانگی چواری 2022ـدا، سوپای تورکیا بە بەردەوامی تەقەیان بەسەر گوندەکەدا کردووە کە بۆتە هۆی ئاوارەکردنی سەرجەم دانیشتوانی گوندەکە. لە ساڵی 2022، هەندێک لەم خێزانانە دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ سەردانیکردن یان بۆ خزمەتکردنی کێڵگە کشتووکاڵییە وێلکراوەکانیان.

9 گەشتیاری عێراقی کوژران و 23ـێی دیکەش بریندار بوون لە گوندی «پەرەخێ»ی قەزای زاخۆی سەر بە پارێزگەی دهۆک. لە ڕێکەوتی 20ـی مانگی 7ـدا، سەربازەکانی تورکیا

کۆمەڵێک موشەکیان ئاڕاستەی گرووپێک گەشتیاری ناوەڕاست و بەشەکانی دیکەی باشووری عێراق کرد کە بەمەبەستی سەیرانکردن هاتبوونە شوێنێکی گەشتیاری گوندی «پەرەخێ». پەلامارەکە بووە هۆی کۆمەڵکوژی لەنێوان خێزانەکاندا کە زۆرترین قوربانی مەدەنی لێکەوتەوە بەبەراورد لەگەڵ هەر هێرشێکی سەربازی دیکەی تۆمارکراو بەهۆی هێرشەکانی سوپای تورکیا لەسەر سنوور. قوربانیانی هێرشە سەربازییەکە 3 کچی منداڵ بە ناوەکانی زەهرا خەیری محمدی یەک ساڵان، 2 خوشک بە ناوەکانی سارا قیس علی 12 ساڵان و زەهرا قەیس علی 16 ساڵان بوون. 6 هاوڵاتییە مەدەنییە کوژراوەکەی دیکە پێکهاتبوون لە علی سەباع ئیسماعیلی 40 ساڵان کە هاوژینەکەی و 2 منداڵیشی بریندار بوون؛ عەباس محمد جەوادی 34 ساڵان کە بۆ گەشتی مانگی هەنگوینییەکەی هاتبوو؛ تازە دەرچووی زانکۆ تەها عەبدولڕەحمان نیهمای 25 ساڵان؛ سەجاد محمد جاسمی 24 ساڵان؛ عەباس عەلا عەبدولئەحمەدی 30ی ساڵان و حسێن عەبدولئەمیری 55 ساڵان. بەلایەنی کەمەوە 23 هاوڵاتی مەدەنیش کە 2 منداڵیشیان تێدا بوو برینداربوون بەهۆی پەلامارە سەربازییەکەوە.

ئەو هێرشە سەربازییە نارەزاییەتی زیاتر سیمبولی چاوەڕواننەکراوی کاربەدەستانی حکوومی عێراقی و خۆپیشاندانی جەماوەری بەرفرەوان لە زۆر شاری عێراق لەدژی دەوڵەتی تورکیا بەدوای خۆیدا هێنا.

بە پێچەوانەی هێرشە سەربازییەکانی دیکەی تورکیا کە هیچ کاردانەوەیەکی حکوومی فەرمی لێ ناکەوێتەوە، لە کاتی ئەو هێرشە سەربازییە دیاریکراوەدا نوێنەرانی حکوومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەیاننامەی فەرمیان بڵاوکردەوە بەمەبەستی سەرکۆنەکردنی چالاکییەکانی سوپای تورکیا لەنێو خاکی عێراق و کوشتنی بێپاساوی هاوڵاتییانی مەدەنی لە دەرئەنجامی ئۆپەراسیۆنە سەربازییە نابەجێیەکەی تورکیا. هەر لە هەمان هەفتەدا، پەرلەمان کەوتە لێکۆڵینەوە لەم باسە و بەڵێنیاندا تورکیا بە بەرپرسیار بگرن لە بەرانبەر ئەو هێرشە سەربازییەدا، بەڵام ئەو بەڵێنە تاوەکوو کاتی نووسینی ئەو ڕاپۆرتەش نەهێنراوەتە دی.

هەرچەندە بەڵێنی مامەڵەکردن لەگەڵ هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر سنوور و کاریگەریی زیانبەخشیان لەسەر خەڵکی دەڤەرەکە هیوابەخش بوو بۆ زۆران، بەڵام نەک هیچ هەوڵێک لە ئارادا نییە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی وەستاندنی شەڕ و کۆتایی هێنان بە شەڕەکە بەشێویەکی ئاشتیخوازانە بەڵکوو هیچ هەنگاوێکی جددییش نەنراوە بۆ بەدیهێنانی بەڵێنی پاراستنی سەروەری عێراق و بە بەرپرسیار







موختاری گوندی تووتەقەڵ و زاواکەی کە لە ٢١مانگی ئایار بە هۆی هێرشێکی درۆنی تورکیا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیاندا شەهیدکران..

گرتنی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەو تاوانانەی ئەنجامی داون و بۆ کۆتایهێنان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورکیا لەسەر سنوور و قەرەبووکردنەوە و وەرگرتنی گەرەنتی لەسەر دووبارە نەبوونەوە هێرشی سەربازی وەها.

هەرچەندە پێشتر هاوڵاتییانی مەدەنی لە شوێنی سەیرانکردندا بە ئارمانج گیراون لە لایەن سوپای تورکیاوە، بەڵام دووجار هاوەنبارانکردنی شوێنی فێستیڤاڵی جەماوەری لە ساڵی 2022ـدا دەرخەری گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراوە لە شێواز و چۆنیەتی ئەو جۆرە هێرشە سەربازییانەدا. لە ساڵی 2015ـەوە تاوەکوو ئێستە هیچ هێرشێکی سەربازی نەبووە جگە لە هێرشی سەربازی «پەرەخێ» کە ژمارەیەکی ئەوەندە زۆری هاوڵاتی مەدەنی تێدا بووبێتە قوربانی (32 هاوڵاتی مەدەنی کوژران و بریندارکران). لە ساڵی 2015 تاوەکوو ئێستە، سوپای تورکیا 12 منداڵی کوشتووە. 6 لەم منداڵانە کە دەکاتە نیوەی ژمارەی هەر هەموو منداڵە کوژراوەکان لە ساڵی 2022ـدا بوون. ئەوە جێگەی نیگەرانییە کە ئامادەیی منداڵان لە فێستیڤاڵ و کۆبوونەوەی جەماوەریش نابێتە هۆکار بۆ وەستاندنی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا.

### 4.3 ئەو هێرشە سەربازییانەی کە ئۆتۆمبێلی خەڵکی مەدەنی تێدا بۆردوومان کراون.

دوو هاوڵاتی مەدەنی کوژران لەنێو ئوتۆمبێلدا لە گوندی «توتەقەل» لە پارێزگەی سلێمانی. لە ڕێکەوتی 21ـی مانگی 5ـدا، 2 جوتیار بە ناوەکانی ئارام حاجی کاکە خانی 43 ساڵان کە موختاری گوندی «توتەقەل» بوو لەگەڵ زاواکەی ئیسماعیل ئیبراهیمی 50 ساڵان لەگەڵ 3 ئەندامی پەکەکە لەنێو ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری مەدەنی لە ڕێگەی «توتەقەل» سەر بە قەزای چەمچەماڵ لە پارێزگەی سلێمانی بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کوژران. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕێکخراوی CPT-IKـی کەوتوون لەکاتی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسوکاری قوربانییەکان، دوو هاوڵاتییە مەدەنییەکە یەکەمجار 3 ئەندامی سەر بە چەکدارانی پەکەکەیان بینیوە بۆردوومان کراون و ئەوانیش بەهانایانەوە چوو بوون تاوەکوو کۆمەکیان بکەن و بریندارەکان بگەیەننە نزیکترین نەخۆشخانە، بەڵام دوای بەهاناوە چوون بۆ دووەمجار بۆردوومان دەکرێنەوە و 2 هاوڵاتییەکە دەکوژرێن. هەردوو قوربانییەکە دەربازبووی شاڵاوی جێنۆسایدی ئەنفال بوون کە ئەو دەڤەرانەی دەورووبەری «توتەقەلی» بەچڕی گرتبۆوە. لە دوای هێرشی سەربازی 21ـی مانگی پێنج، 8 لەم 10ـە خێزانەی لە گوندەکە دەژیان گوندەکەیان جێهێشتووە لە ترسی بۆردوومانی دیکە.

یەک هاوڵاتی مەدەنی لە ڕێگەی خۆرئاوای موسڵی پارێزگای نەینەوا لەنێو ئۆتۆمبێل کوژرا. لە ڕێکەوتی 17ـەی مانگی 7ـدا، ئۆتۆمبێلێکی مەدەنی بە ئارمانج گیرا و تێکشکێندرا لەڕێی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانەوە لە ڕێگەی خۆرئاوای موسڵ. هەر 5 سەرنشینەکە کوژران. پارێزگاری نەینەوا لە ڕاپۆرتێکیدا ڕایگەیاند ئۆتۆمبێلێکی مەدەنی بۆردوومان کراوە کە شۆفێرەکەی ناسراوە بەڵام ناسنامەی ئەوانی دیکە (1 ژن و 3 پیاو) نەزانراوە. لە هەمان ڕۆژدا، وێنەی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی ئەحمەد ئەلجەبوری 23ـێ ساڵان کە فێرخوازی زانکۆی موسڵی کۆلێژی ئەندازیاری بوو بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبوویەوە. هاوڕێکانی ئەحمەد لە نووسینێکیاندا ڕایانگەیاند کە ئەحمەد سەرقاڵی گواستنەوەی خەڵکی غەریبە بووە ئەو ڕۆژە (غەریبە مەبەستیان لەم خێزانە بوو کە ئەحمەد بینیبوونی لە گوندەکە).
لە ساڵی 2015ـەوە، بەهۆی 12 پەلاماردانی سەربازی ئۆتۆمبێلی مەدەنییەوە، نزیکەی 16 هاوڵاتی مەدەنی (1 لەمانە منداڵ بووە) کوژراون و 10 هاوڵاتی مەدەنی دیکەش (کە 2ـیان منداڵ بوون) بریندار بوون. زۆربەی پەلامارەکان لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بوون، بەڵام هەندێکیشیان لەڕێی چەکی قورسەوە (دۆشکە) بوون کە زۆربەیان یان لەسەر ڕێگەی دوورەدەست یان ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتییانی مەدەنییەوە بوون.

### 4.4 کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتییان لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتییانەوە

بەهۆی بۆردوومانکردنی کۆمەڵگەی «سنونێ»ـی سەر بە قەزای شەنگاڵ لە پارێزگەی نەینەوا، 2 هاوڵاتی کوژران و 8 هاوڵاتی دیکەی مەدەنیش بریندارببوون. لە ڕێکەوتی 15ـەی مانگی 6ـدا، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تورکیا بارەگای سەرەکی یەکەکانی بەرخۆدانی شەنگاڵ (YBS) کە ڕێکخروێکی نزیک لە پەکەکەیە بۆردوومان کرد. تەقینەوەکە بووە هۆی ڕووخان و تێکدانی کتێبفرۆشییەک و ماڵەکانی دەوروبەری بارەگاکە. منداڵێک بە ناوی ساڵح شیفان خدری 12ـە ساڵان کە لەنێو کتێبفرۆشییەکە بوو کوژرا. باپیری ساڵح و هەشت هاوڵاتی دیکەش بریندار بوون بەهۆی بۆردوومانەکە. لە ڕێکەوتی 24ـی

مانگی 6، سەرچاوەییەکی میدیایی ڕایگەیاند پیاوێکی تەمەن 45 ساڵە کە کارمەندی ڕێکخراوێکی خۆجێییە بە ناوی ئیبراهیم ئەڤدی دوای برینداربوونی بەهۆی پەلامارەکەوە مردووە.

بۆچوونێکی هاوکۆ هەیە لەسەر ئەوەی کە هێرشە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر سنوور تەنها کاریگەری لەسەر ناوچەی دوورەدەستی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانەوە هەیە. بەڵام توێژینەوەی کامپەینی << کۆتایی بێنە بە بۆردومانەکانی سەر سنوورەکان>> دەری دەخات کە 52 لەم 97 هێرشە سەربازییە تۆمارکراوانەی کە ڕوویان داوە لە ساڵی 2015 تاوەکوو ئیستە لە ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی گوندەکان، شارۆچکەکان و شارەکاندا بووە. سوپای تورکیا چەکی تەقەمەنی هەڵگری بەکارهێناوە لە کاتی ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆ سەر ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیان، ئەوەش بۆتە هۆی کوشتنی نزیکەی 54 هاوڵاتی مەدەنی و بریندار بوونی 123ـێ کەسی دیکە.

جگە لەمەش، ئەوە جاری یەکەم نییە ئێزیدیان کاریگەری پەلامارە سەربازییەکانی تورکیایان بەسەرەوە بووبێت. لەنێوان ساڵەکانی 2020 بۆ 2022، تورکیا بەلایەنی کەمەوە پێنج جار بۆردوومانی ناوچەی ئێزیدینشین و ژێرخانی دیکەی پارێزگەی نەینەوایان بە بنکەیەکی تەندروستیشەوە کردووە.

ناوچەی شەنگال شوێنی نیشتەجێبوونی زۆربەی هاوڵاتییانی مەدەنی دەربازبووی جێنۆسایدی داعشی 2014-2015 لە دژی خەڵکی ئێزیدیانن. خەڵکی ئێزیدی چەند سەدەیەک دەبێت ژیانێکی دژواریان هەبووە بەهۆی جیاکاریکردن و قوربانیکردن، سیاسەتی جێنۆساید لە دژیان و فەرامۆشکردنیان، ئەو پەلامارانەش ژیانی ئێزیدیانی هێندەی دیکە دژوارتر کردووە.

### 4.5 کوشتن و بریندارکردنی هاوڵاتییانی مەدەنی لە کامپی پەنابەرانی مەخموور لە پارێزگەی هەولێر

کامپی پەنابەرانی مەخموور بە دووری 160 کیلۆمەتر لە پارێزگەی هەولێر دەکەوێتە باشووری سنووری نێوان تورکیا – عێراق. کامپەکە 11,000 خەڵکی تێدا دەژین کە زۆربەیان کوردن و لە ساڵەکانی 1990ـەکاندا ئاوارە بوون بەهۆی توندوتیژی دەوڵەتی تورکیا دژ بە هاوڵاتیانی کورد لە کوردستانی تورکیا.

لە ڕێکەوتی 1ـی مانگی 2ـدا، بەپێی چەند سەرچاوەییەکی میدیایی، تورکیا چەند جارێک بۆردوومانی دانیشتوانی کامپەکە و چەکدارانی پەکەکەیان کرد لەڕێی فڕۆکەی سەربازی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە. یەکێک لە دانیشتوانی کامپەکە کە شایەتحاڵی هێرشە سەربازییەکە بووە بە ڕێکخراوی CPT-IK ڕاگەیاند، پەلامارەکە بووە هۆی کوشتنی 2 هاوڵاتی مەدەنی و 15 هاوڵاتی مەدەنی دیکەش بریندار بوون.

لە ڕێکەوتی 25ـی مانگی 5ـدا، فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی تورکیا بۆردوومانی کامپی پەنابەرانی مەخمووری کردەوە بۆ جاری دووهەم بەڵام هیچ قوربانییەکی مەدەنی لێنەکەوتەوە.

جارێکی دیکە، لە 29ـی مانگی 8ـدا کامپی مەخموور لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بە ئارمانج گیرایەوە، بەڵام بە هەمان شێوە هیچ قوربانییەکی مەدەنی لێ نەکەوتەوە.

لە ساڵی 2015ـەوە، سوپای تورکیا چەندین جار بۆردوومانی کامپی پەنابەرانی مەخمووری کردووە. لە پێنج بۆردوومان لە کۆی گشتی هەموو بۆردوومانەکاندا، 5 بۆ 12 هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و 20 بۆ 25 هاوڵاتی مەدەنیش بریندابوون.

# 5. کاریگەریی بۆردوومانەکانی دەوڵەتی ئێران لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی

بەدرێژایی ساڵی 2022، دەوڵەتی ئێران چەند جارێک بۆردوومانی ناوچەکانی خاکی کوردستانی عێراقییان کرد. وەکوو ئەندامانی کامپەینی <<کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان>>، پێمان وایە پەیوەندی هەیە لەنێوان خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی ئێران، کە ژنە کوردەکانی ئێران بەشداری کارایان هەبوو لەگەڵ پەلامارە سەربازییەکانی دەوڵەتی ئێران بۆ سەر کوردستانی عێراق. بەپێی بەیاننامەییەکی سوپای پاسدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران، لە ساڵی 2022ـدا 73 موشەک ئاڕاستەی کوردستانی عێراق کراون لە خاکی ئێرانەوە، هەروەها دەیان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆکوژ بەکارهاتبوون بۆ بە ئارمانجگرتنی بارەگای سەرەکی و بنکەی دیکەی سێ پارتی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران بە ناوەکانی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (KDP-I) لە کۆیەی پارێزگەی هەولێر، کۆمەڵە لە «زڕگوێزێ»ـی پارێزگەی سلێمانی و پارتی ئازادی کوردستان (PAK) لە «پردێ»ـی سەر سنووری نێوان پارێزگەکانی هەولێر و کەرکووک.

چەند ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی ئەنجامدران لەم ساڵەدا و لە دەرئەنجامدا زیاد لە 18 کەس کوژران و 50 هاوڵاتی دیکەش بریندداربوون. هەرچەندە، ڕاپۆرتە میدیاییەکان ئاماژەیان بە کوشتن و برینداربوونی هاوڵاتییانی مەدەنی و ئەندامانی باڵی سەربازی ئۆپۆزسیۆن دەکرد، نووسەرانی ئەو ڕاپۆرتە نەیانتوانی پشتڕاستی ناسنامە و پێگەی قوربانیان و دەربازبووان بکاتەوە جگە لە یەک گەواهی. بەپێی قسەی شایەتحاڵان، منداڵێک بە ناتەواوی لەدایک بووە و مردوە بەهۆی ئەو بۆردوومانانە. دایکی منداڵەکە کە بانگەشەی ئەندامبوونی لە پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ دەکرێت بەهەمان شێوە مردووە لەکاتی منداڵبووندا لەبەر سەختی برینەکانی لە کاتی هێرشە سەربازییەکەدا.

بارەگای سەرەکی پارتی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە نزیکن لە کامپەکانی نیشتەجێبوونی پەنابەرانی مەدەنی کە ئێرانیان بەجێهێشتووە و بۆردوومانەکەش بووە هۆی هەڵاتنی



چاوپێکەوتنی شاندی کەمپینی کۆتایهێنان بە بوردومانەکانی سەر سنوور لە گەڵ وەزیری داد لە بەرواری ٢٠٢٢/١١/٢٨

ناچارەکی ئەو خێزانانە لە کامپەکان. بەتەنیا لە سلێمانی، 450 خێزان کامپی «زڕگوێز»یان چۆڵکرد و توشی سەختی زۆر بوونەوە لەکاتی دۆزینەوەی شوێنی دیکە بۆ نیشتەجێبوون، دەستگەیشتن بە پێویستی بەرایی (بە فێرکاریشەوە) و سەرچاوەی داهات چونکە سەرچاوەی داهات و ژیانیان پەیوەست بوو بە مانەوەیان لە کامپەکان. هەروەها، ئەو هێرشە سەربازییانە بوونە هۆی تێکدانی خانوو و فێرگە لە کۆیە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەو هێرشە سەربازییانەدا، کامپەینی << کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان>> پابەندبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە لە بەردەوامبوون لە چاودێریکردنی چالاکی سەربازی دەوڵەتی ئێران لەسەر سنوور و لەنێو خاکی کوردستانی عێراقدا..

# 6. ئاوڕدانەوە لە ساڵی ڕابردوو: چالاکییەکانی کامپەینی «کۆتایی بێنە بە بۆردوومانەکانی سەر سنوورەکان»

ئێمە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بەرانبەر بەردەوامبوونی پەلاماری سەربازیی سەر سنوورەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراو و بریندارەکان لە دەرئەنجامی هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران. لەبەرئەوەشە پێشنیاز دەکەین:

پێویستە دەوڵەتی تورکیا و ئێران سەرجەم هێرشە سەربازییە ئاسمانی و زەمینییەکانییان بۆ سەر ناوچەی نیشتەجێبوونی خەڵک، کێڵگەی جوتیاری، ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و هەر ژێرخانێکی دیکەی مەدەنی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیان و سەرچاوەی ژیانی هاوڵاتی مەدەنی بوەستێنن.

پێویستە هێزە سەربازییەکانی تورکیا لەسەرجەم بارەگا و بارەگای بوونیاد نراو لەنێو خاکی عێراقدا بکشێنەوە و ڕێگە خۆش بکرێت بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی کە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و زەوییەکانیان بۆ بگێڕدرێتەوە بێ هەستکردن بە ترس لە توونددووتیژی یان تۆڵەکردنەوە.

پێویستە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکار نەهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن یان هاتووچۆکردن.

داوا دەکەین هەوڵی دیپلۆماتی بدرێن و دانووستان نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا بەردەوامی پێ بدرێت.
داوا دەکەین لە حکوومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە:
» ئەو بەڵێنانەی داویانە بە دەربازبووەکانی پەلامارە سەربازییەکانی سەر سنوور بۆ قەرەبووکردنەوەیان جێبەجێ بکەن.
» دڵنیا ببنەوە لەمەی سەرجەم چالاکییەکانی قوربانیان و دەربازبووەکانی پەلامارە سەربازییەکانی سەر سنوور قەرەبوو بکرێنەوە بە کۆمەکی تەندروستی، دارایی و دەروونیشەوە.
» دروستکردن و جێبەجێکردنی سیستەمێکی کارا بە هەروەزی لەگەڵ دامەزراوە خۆجێییەکان، ڕێکخراو و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی زەرەر و زیانی سەر هاوڵاتیان.
» دروستکردنی پرۆسە و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ قوربانیان و دەربازبووان تاوەکوو بتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆی شەڕ لەسەریان بگەیەنن بەشێوەیەک کە بەشداریشیان هەبێت لە پرۆسەی بڕیارداندا. ئەوەش دەرفەت ساز دەکات بۆ ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە سووتاون بە ئاگری شەڕەکەوە لە گەیاندنی پەیامەکانیان.
» پێویستە شارەزاییەکانی ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی لە پرۆسەی بڕیارداندا لەبەرچاو بگیرێن: چالاکوانەکانی مافەکانی مرۆڤ و ژینگە رۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە تۆمارکردنی کاریگەری شەڕ لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی و ژینگە.

داوا دەکەین لە هەموو ئەو حکوومەتانەی چەک دەفرۆشن یان دەیدەن بە تورکیا پیشەمی (ئەولەمیات) بدەن بە پاراستن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی مەدەنی و پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە نەوەک قازانجی ماددی.

# 7. پێشنیازەکان

ئێمە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕین بەرانبەر بەردەوامبوونی پەلاماری سەربازیی سەر سنوورەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراو و بریندارەکان لە دەرئەنجامی هێرشە سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران. لەبەرئەوەشە پێشنیاز دەکەین:

پێویستە دەوڵەتی تورکیا و ئێران سەرجەم هێرشە سەربازییە ئاسمانی و زەمینییەکانییان بۆ سەر ناوچەی نیشتەجێبوونی خەڵک، کێڵگەی جوتیاری، ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و هەر ژێرخانێکی دیکەی مەدەنی کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیان و سەرچاوەی ژیانی هاوڵاتی مەدەنی بوەستێنن.

پێویستە هێزە سەربازییەکانی تورکیا لەسەرجەم بارەگا و بارەگای بوونیاد نراو لەنێو خاکی عێراقدا بکشێنەوە و ڕێگە خۆش بکرێت بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی کە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان و زەوییەکانیان بۆ بگێڕدرێتەوە بێ هەستکردن بە ترس لە توندووتیژی یان تۆڵەکردنەوە.

پێویستە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ناوچەی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی بەکار نەهێنێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن یان هاتووچۆکردن.

داوا دەکەین هەوڵی دیپلۆماتی بدرێن و دانووستان نێوان پەکەکە و دەوڵەتی تورکیا بەردەوامی پێ بدرێت.
داوا دەکەین لە حکوومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە:
» ئەو بەڵێنانەی داویانە بە دەربازبووەکانی پەلامارە سەربازییەکانی سەر سنوور بۆ قەرەبووکردنەوەیان جێبەجێ بکەن.
» دڵنیا ببنەوە لەمەی سەرجەم چالاکییەکانی قوربانیان و دەربازبووەکانی پەلامارە سەربازییەکانی سەر سنوور قەرەبوو بکرێنەوە بە کۆمەکی تەندروستی، دارایی و دەروونیشەوە.
» دروستکردن و جێبەجێکردنی سیستەمێکی کارا بە هەروەزی لەگەڵ دامەزراوە خۆجێییەکان، ڕێکخراو و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ بۆ چاودێریکردنی زەرەر و زیانی سەر هاوڵاتیان.
» دروستکردنی پڕۆسە و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ قوربانیان و دەربازبووان تاوەکوو بتوانن کاریگەریی ڕاستەوخۆی شەڕ لەسەریان بگەیەنن بەشێوەیەک کە بەشدارییشیان هەبێت لە پڕۆسەی بڕیارداندا. ئەوەش دەرفەت ساز دەکات بۆ ئەو هاوڵاتییە مەدەنییانەی کە سووتاون بە ئاگری شەڕەکەوە لە گەیاندنی پەیامەکانیان.
» پێویستە شارەزاییەکانی ڕێکخراوەکانی جڤاکی مەدەنی لە پڕۆسەی بڕیارداندا لەبەرچاو بگیرێن: چالاکوانەکانی مافەکانی مرۆڤ و ژینگە ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە تۆمارکردنی کاریگەری شەڕ لەسەر هاوڵاتیانی مەدەنی و ژینگە.

داوا دەکەین لە هەموو ئەو حکوومەتانەی چەک دەفرۆشن یان دەیدەن بە تورکیا پیشەمی (ئەولەمیات) بدەن بە پاراستن و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیانی مەدەنی و پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤەوە نەوەک قازانجی ماددی.

# 8. مێتۆدۆلۆژی

ئەم دەرئانجامانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتە ڕوو بە گشتی دەرئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنانە بوون کە لە لایەن ئەندامانی ڕێکخراوی *CPT-IK*ـیەوە لە ساڵی ٢٠٢٢ـەوە ئەنجامدراون لەگەڵ دەربازبووانی پەلامارە سەربازییەکان، ئەو کەس و خێزانانەی کە کاریگەری بۆردوومانەکانیان لەسەر بووە و کاربەدەستانی دامەزراوە حکوومییە خۆجێیەکان. ئەو دەرئەنجامانە پشڕاستکراونەتەوە لەڕێی شرۆڤەکردنی ڕاپۆرتی میدیایی، ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیی. ڕووکارە پەیوەنددارەکان لەنێو چاوپێکەوتنەکان و ڕاپۆرتی دیکە دەرهێنراون و خرانە دوو خشتەی داتایی پەیوەندار بە یەکدیکەوە. پۆلێنی یەکەم ڕاڤەکردنی هێرشە سەربازییەکان کە کوژراو و برینداری لێکەوتۆتەوە لەخۆ دەگرێت و پۆلێنی دووهەم زانیاری دەربارەی ناسنامە یان دەستخستنی داتای پەیوەندار بە دیمۆگرافیایی قوربانییەکان لەخۆ دەگرێت.

سێتی داتای هێرشە سەربازییەکان (تکایە سەیری پاشکۆی *2* بکەن) پێکهاتووە لە یەک ڕیزخانەی ئاسۆیی بۆ هەر یەکێک لەم هێرشە سەربازییانەی تۆمار کراون. ڕیزخانە ستوونییەکان ڕووکارە تۆمارکراوەکان نیشان دەدات بە کات و ڕێکەوتی هێرشە سەربازییەکان، شوێن و زۆرترین و کەمترین ژمارەی خەڵک کە کوژراون یان برینداربوون بەهۆی چەک و تەقەمەنیەوە.

کەمترین ژمارەی کوژرا و برینداركراوی تۆمارکراو سفرە کاتێک نادڵنیایی هەیە دەربارەی (*1*) دۆخی قوربانیانی هاوڵاتیانی مەدەنی یان چەکدار، (*2*) لە ئەگەری دوو جار هەژمارکردنی هەمان قوربانی لە دوو هێرشی سەربازی جیایی تۆمارکراو و (*3*) ئاخۆ سەربازەکانی سوپای تورکیا ئەنجامدەر بوون یان نا.

کاتێک سەرچاوەکانی دژیەکبوون یان دڵنیا نەبوون دەربارەی ژمارەی کوژراو و بریندار، نمرەی کەمتر لە ڕیزخانەی ستوونی کەمتر و نمرەی زیاتر لە ڕیزخانەی ستوونی زۆرتر دانراوە. هەموو هەوڵێک دراوە تاوەکوو ڕاستییەکان دەر بخەین بەشێوەیەکی ڕەهایی بەپێی پێویست: بەکارهێنانی ڕیزخانەی ستوونی زۆرترین و کەمترین ڕێگەیەکە تاوەکوو بەوریایی و بەردەوامی جێشوێنی ئەو شتانە دیکە بێت کە دڵنیای تەواو نەبووە. چەک و تەقەمەنیان بەکارهاتوو لەکاتی هێرشە سەربازییەکان لە لایەن شایەتحاڵەکانەوە دیاریکراون



کۆبوونەوەی بەرنامەڕێژی ستراتێژی کەمپینی ECBBC لە کۆنفرانسی ICSSI لە مانگی ئازاری ٢٠٢٢

و ئاماژەیان پێکراوە کە زۆربەیان لەسەر زەوی بوون و لەبەرئەوەشە بەشێوەیەکی گشتی پۆلێنبەندکراون (هێرشی ئاسمانی، تۆپ، هتد). زۆربەی سەرچاوەکان کۆنووسی چاوپێکەوتنەکانن کە لە لایەن ڕێکخراوی *CPT*ـیەوە ئەنجامدراون و تەواوکارییان بۆ کراوە لەڕێی ڕاپۆرتی چالاکە مەدەنییە خۆجێیەکان و ڕێکخراویی میدیایی خۆجێی و نێونەتەوەیی.

سێتی داتای قوربانییەکان (تکایە سەیری پاشکۆی *1* بکە) ناوەی کوژراوەکانی تێدایە بە مەرجێک زانراو بن و هەروەها زانیاری دیکە دێمۆگرافی و جگە لە زانیاری بەرایی کەسیش هەندێک زانیاری پەیوەندار بە پێگەی ناچەکداربوونی *37* قوربانیشی تێدایە. ناوی قوربانیانی بریندار ئەگەر زانراویش بووبن سڕاونەتەوە بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی زانیاری کەسیان. منداڵەکان وەکوو کەس دانراون کە تەمەنیان لە نێوان *17-4*ساڵدابووە و منداڵی ساواش کە تەمەنیان لەنێوان *3-0* دابووە

## پاشکۆی 1: ناسنامەی هاوڵاتییانی مەدەنی کوژراو و دیمۆگرافیایی قوربانییەکان ئەگەر زانراو بێت (2022)

| کۆد | ڕێکەوت ڕۆژ-مانگ-ساڵ | کوژراو<br>بریندار کراو (ناوەکان سڕاونەتەوە لە بەر پاراستنی ناسنامەکانیان) | ڕۆژبوون زایەند / جێندەر | تەمەن | پۆلێنی تەمەن | پیشە | سەرنج بە گشتی و بە زانیاری لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان لەنێوان کوژراوەکاندا. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb42103 | 2022-02-15 | حسێن حەیدەر (حسێن ڕێکانی) | نێر | 50 ساڵ | 50 بۆ 59 ساڵ | جوتیار | |
| cb94850 | 2022-05-21 | *ئارام حاجی کاکە خان | نێر | 43 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | جوتیار و موختاری گوند | *خەزوور |
| | | *ئیسماعیل ئیبراهیم | نێر | 50 ساڵ | 50 بۆ 59 ساڵ | جوتیار | *زاوا |
| cb79163 | 2022-05-26 | یوسیف کۆڤان | نێر | 13 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| | | ئاڤاند هۆشیار | نێر | 11 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| | | | نێر | 8 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| cb88031 | 2022-06-15 | ساڵح شیفان خدر ناسۆ | نێر | 12 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| | | ئیبراهیم ئەڤدی دەروێش | نێر | 45 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | کارمەندی ڕێخراو | |
| | | | نێر | | پیر ( سەرو 60 ساڵ) | | |
| cb72326 | 2022-06-15 | | نێر | 53 ساڵ | 50 بۆ 59 ساڵ | جوتیار | |
| | | | نێر | 24 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | جوتیار | |
| cb78812 | 2022-06-17 | | مێ | 28 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | | |
| | | | مێ | 49 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | | |
| | | | مێ | 24 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | | |
| cb32292 | 2022-07-17 | ئەحمەد ئەلجەبوری | نێر | 23 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | فێرخوازی ئەندازیاری لە زانکۆی موسڵ | |
| cb75820 | 2022-07-20 | *سارا قەیس علی | مێ | 12 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | *خوشکی زەهرا |
| | | *زەهرا قەیس علی | مێ | 16 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | *خوشکی سارا |
| | | زەهرا خەیری محمد | مێ | 1 ساڵ | (0-3) منداڵی ساوا | | |
| | | علی سەباح ئیسماعیل | نێر | 40 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | پۆلیس | |
| | | عەباس محمد جەواد | نێر | 34 ساڵ | 30 بۆ 39 ساڵ | | |
| | | تەها عەبدولڕەحمان نیهما | نێر | 25 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | دەرچووی زانکۆ | |
| | | سەجاد محمد جاسم | نێر | 24 ساڵ | 20 بۆ 29 ساڵ | | |
| | | عەباس عەلا عەبدولئەحمەد | نێر | 30 ساڵ | 30 بۆ 39 ساڵ | | |
| | | حسێن عەبدولئەمیر | نێر | 55 ساڵ | 50 بۆ 59 ساڵ | | |
| | | | مێ | 40 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | | |
| | | | مێ | 13 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| | | | نێر | 10 ساڵ | منداڵ (4 بۆ 17 ساڵ) | | |
| | | | مێ | 42 ساڵ | 40 بۆ 49 ساڵ | | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | | |
| | | | مێ | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | | |
| cb58846 | 2022-10-16 | | مێ | 30 ساڵ | 30 بۆ 39 ساڵ | بەخێوکەری ئاژەڵ | |
| cb50736 | 2022-12-02 | عەزیز محمد ڕەسوڵ | نێر | | پیر ( سەرو 60 ساڵ) | جوتیار | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | جوتیار | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | جوتیار | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | جوتیار | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | جوتیار | |
| | | | نێر | | گەورە ساڵ (سەرو 18 ساڵ) | جوتیار | |

بۆ دەستخستنی ئەو زانیاریانە بە شێوەی سەرهێڵ تکایە سەردانی

کوژراو و برینداری داخڵکراو کە سفر (0) قوربانی لە ڕیزخانەی ستوونی ‹‹کەمترین››ـدا هەیە، بەڵام ژمارەیەکی زیاتر لە ڕیزخانەی ستونی هاوشێوەی ‹‹زۆرترین››ـدا زیاتر بۆ پڕکردنەوەی ئەو نادڵنیاییەیی خوارەوەیە لە داتای کۆکراوە:

ئەگەری ئەوەی کە پەکەکە ئەنجامدەری هێرشەکان بووبێت نەوەک سوپای تورکیا

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر لیستی سەرجەم ڕووداوەکانی نیوان ساڵەکانی 2015 بۆ 2022 و زانیاری زیاتر لەسەر پۆتانی GPSـو (ئەگەر بەردەست بێت) و سەرچاوە بە لینکەوە، تکایە سەردانی URLـی سێتی داتا بکەن. https://shorturl.at/yzGHS

**پاشکۆیی 2: قوربانییە مەدەنییەکانی ڕووداوەکانی ساڵی 2022ـی هێرشە سەربازییەکانی تورکیا لەسەر سنوور.**

| کۆد | ڕێکەوت ڕۆژ-مانگ-ساڵ | کات | کوژراو (کەمترین) | کوژراو (زۆرترین) | بریندارکراو (کەمترین) | بریندارکراو (زۆرترین) | چەکەکان | شارۆچکە و گوند (۱) = لەنێو (۲) = لە دەرەوە | ناحیە | قەزا | پارێزگە | کورتە ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| cb55690 | 2022-02-01 | 10ـی شەو | 2 | 2 | 15 | 15 | هێرشی ئاسمانی | کامپی پەنابەرانی مەخموور (۱) | مەخموور | مەخموور | هەولێر | **2 هاوڵاتی مەدەنی** کوژران و بە لایەنی کەمەوە 15ـەی دیکەش بریندار بوون لە کامپی 2ـی مەخموور. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی نەزانراوی کوژرا و برینداری چەکدارانی پەکەکە بەهۆی چەند هێرشێکی سەربازی ئاسمانی. |
| cb42103 | 2022-02-15 | دوا نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | تۆپ و گولە | گوندی سیتە (۲) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک | بەهۆی تۆپبارانەوە،**1 جوتیاری** تەمەن 52 ساڵە کە باوکی 10 منداڵە کوژرا لەکاتی کاری جوتیاریدا لە گوندی سیتە لە ناوچەی شیلادزێ.. |
| cb94850 | 2022-05-21 | 09:35 سەر لە بەیانی | 2 | 2 | 0 | 0 | فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان | تۆتەقل (۲) | ئاغجەلەر | چەمچەماڵ | سلێمانی | **2 جوتیاری پیاو** (موختاری 43ـێ ساڵەی گوندی توتەقل و زاوا 50 ساڵەکەی) کوژران لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیاندا لەکاتی گواستنەوەی سێ چەکداری پەکەکە بۆ نەخۆشخانە کە بەهۆی هێرشی سەربازی لەڕێی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە بریندار کرابوون. هاوڵاتییانی مەدەنی گوێیان لە دەنگی هێرشە سەربازییەکە لەڕێی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە بووە لە نزیک گوندەکەیان و لەکاتی ڕۆشتنیان بۆ شوێنی ڕووداوەکە چەکدارانی برینداری پەکەکەیان بینیبوو و هەوڵیاندابوو ژیانیان بپارێزن. |
| cb79163 | 2022-05-26 | دوا نیوەڕۆ | 0 | 2 | 0 | 1 | تۆپ و گولە | بامەڕنێ (۲) | ئامێدی | ئامێدی | دهۆک | **2 مێرمنداڵی کوڕ**کە تەمەنیان 13ـە و 11ـە ساڵان بوون کوژران و 1 **مێرمنداڵی کوڕی** 8 ساڵان بریندار کرا لەڕێی گولە هاوەنەوە لەکاتی فێستیڤاڵی ساڵانەی گوندەکەیان لە نزیک بنکەی سەربازی تورکیا لە بامەڕنێ. سەرچاوە حکومییەکان ڕایانگەیاند کە پەکەکە تەقەی بە ڕووی هاوڵاتیانی مەدەنییدا کردووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی CPTـی دەریدەخەن کە بە ئیحتیمالی زیاد ئەو هاوەنانە لە بنکەی سەربازی تورکیاوە تەقێندراون. |
| cb88031 | 2022-06-15 | | 2 | 2 | 8 | 8 | فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان | سنونێ (۱) | شەنگال | شەنگال | نەینەوا | لە دەرئەنجامی هێرشێکی سەربازی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە بۆ سەر بارەگای سەرەکی (YBS)ـە کە دەکەوێتە شوێنی نیشتەجێبوونی هاوڵاتیانی مەدەنی لە شارۆچکەی سنونێ، **1 کوڕ** (12ـە ساڵان) و **1 پیاو** (45 ساڵانی باوکی 6 منداڵ کە کارمەندی ڕێخراوێکی ناحکومی بوو 9 ڕۆژ دواتر بەهۆی برینەکانییەوە مرد) کوژران و 8 هاوڵاتی دیکەی مەدەنیش برینداربوون. |
| cb72326 | 2022-06-15 | 03:49 دوا نیوەڕۆ | 0 | 0 | 2 | 2 | تۆپ و گولە | پەرمخێ (۱) | دەرکار یان هیزاوا | زاخۆ | دهۆک | لە دەرئەنجامی تۆپبارانی بنکەیەکی سەربازی کە لە ساڵی 2021دا بووبنیاد نراوە، **2 جوتیاری پیاو** (باوکێکی 53ـێ ساڵان و کوڕە 24ـێ ساڵان) بریندار کران لەکاتی کاری جوتیاری لە گوندی پەرمخێ. |
| cb78812 | 2022-06-17 | 05:30 دوا نیوەڕۆ | 0 | 0 | 3 | 3 | چەکی قورس | کێستە (۱) | کانی ماسێ کە بە بەروارانیش ناسراوە | ئامێدی | دهۆک | لە دەرئەنجامی تەقەی چەکی قورسی بنکەی سەربازی تورکیا کە لە ساڵی 2021دا بوونیاد نراوە، **3 ژنێک** (تەمەنیان 49, 28 و 24 ساڵان بوون) بریندار کران لەکاتی سەیرانکردنی ڕۆژی هەینییاندا لە گوندی کێستە. |
| cb32292 | 2022-07-17 | 02:20 دوا نیوەڕۆ | 1 | 1 | 0 | 0 | فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان | باب ئەلشام (۲) | موسڵ | موسڵ | نەینەوا | لە دەرئەنجامی هێرشی سەربازی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە، **1 پیاو** (23 ساڵانی فێرخوازی زانکۆ) کوژرا لە کاتی گواستنەوەی **4 کەسی نەناسراو** (لەوانەیە ئەندامی پەکەکە بووبن) لە ڕێی ئۆتۆمبێلەکەی لە خۆرئاوای موسڵ. |
| cb75820 | 2022-07-20 | دوا نیوەڕۆ | 9 | 9 | 23 | 23 | تۆپ و گولە | پەرمخێ (۱) | دەرکار یان هیزاوا | زاخۆ | دهۆک | لە دەرئەنجامی تۆپبارانی بنکەیەکی سەربازی تورکیا کە لە ساڵی 2021دا بوونیاد نراوە، 9 گەشتیاری عێراقی کە 3یان منداڵ بوون (تەمەنیان 1, 12 و 16 ساڵان بوون) کوژران و 23 گەشتیاری دیکەش بریندار بوون لەکاتی سەیرانکردن لە گوندی پەرمخێ. |
| cb58846 | 2022-10-16 | 12:45 نیوەڕۆ | 0 | 0 | 1 | 1 | تۆپ و گولە | بەرزاییەکانی ڕۆبیە (۱) | سیدەکان | سۆران | هەولێر | لە دەرئەنجامی تۆپبارانەوە، 1 ژنی سی ساڵان بریندار بوو لە کاتی سەردانیکردنی مەڕوماڵات لە بەرزاییەکانی ڕۆبیەیی لە ناوچەی سیدەکان. |
| cb50736 | 2022-12-02 | دوا نیوەڕۆ | 1 | 1 | 5 | 5 | فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان | چیایی کێلەشین نزیک گوندی زەرون (۲) | ماوەت | شارباژێر | سلێمانی | لە دەرئەنجامی بۆردومانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە، **1 جوتیاری پیاو** کوژرا و **5 جوتیاری پیاویش** بریندار بوون لەکاتی کۆکردنەوەی گژوگیایی بەهاری/خۆرسک لە سەر چیایی کێلەشین لە نزیک گوندی زەرون. |

# ڕاپۆرتی کەمپەینی کۆتایی بە بۆردوومانە سنورییەکان بهێنن

تەموز 2023

**پێوەبکە: پەیوەندیامن:** endcrossborderbombing@gmail.com **وێبگە:** bit.ly/icssi-ecbb